# بەئازادیی (دەنگم) دا !

**نەوزاد وەلی**

وەك هەموومان ئەزانین ، دەنگدان یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی.
رژێمی دوای سەدام و سەرانی خۆمان ، ئەو مافەیان دابینکرد بۆمان کە لە دەرەوەی وڵات دەنگبدەین (تەنیا) بۆ پەرلەمانی عێراقی داگیرکەری خوارووی وڵاتمان!.
منیش وەك تاکێکی ئەم گەلە داماوەی ئێمە ، بۆ یەکەم جار لە تەمەنی نیوسەدەییمدا ، ئەو مافەم وەرگرت!.
ناوی خۆم تۆمارنەکرد بۆ دەنگدان. خزم ، دۆست و کۆنەهاورێیانم ، دەروازەی سەرزەنشت و گلەیییان بە روومدا کردەوە ، بە ئیمەیل ، تێلێفۆن و رووبەروو ، تا دوا رۆژی تۆمارکردن ، هەر هەوڵیانئەدا کە بچم ناوی خۆم بۆ دەنگدان تۆماربکەم!.
ئێستاش هەندێك لە ئێوەی خزم و دۆست و کۆنەهاورێیان و ئازیزان ، لەوانەیە ئەم چەند دێڕە بخوێننەوە ، بۆیە ئەمەوێت لێرەدا سوپاستان بکەم بۆ دڵسۆزیی و بەتەنگهاتنتانەوە! بەڵام کەسەکانم ، دۆست و هاورێیانم ، دڵنیابن کە منیش دەنگ و پەیمانی خۆمم داوە ، بەڵام بێگومان بە پێچەوانەی ئێوەوە!.
من دەنگ و پەیمانم دا بە شەهیدانی کوردستان!.
دەنگ و بەڵێنم دا بە زیندەبەچاڵکراوەکان ، ئەنفالکراوەکان ، بارزانییە بێسەروشوێنکراوەکان ، کیمیایی بارانکراوەکان و هەزاران رۆڵەی راگوێزراو و خێرنەدیوی گەلەکەم!.
دەنگم دا بە سەی وەلی ، سەی نوری ، شێخ مارف و شێخ حوسەینی بەرزنجیی ، جەباری پیرۆزخان ، فاتیح جەباریی و هاورێیانیان کە سەرجەم 28 رۆڵەی کورد بوون و رژێمی بەعس لە 23 ی حوزەیرانی 1963 دا لە کەرکوك لە سێدارەیدان و ئێمەی کەسوکاریشیان کۆکردەوە و لەبەر چاومان سوکایەتییان بە تەرمەکانیان کرد!!!.
دەنگ و پەیمان و بەڵێن بێت ئەی شەهیدانی کوردستان ، نەك هەر چوار ساڵ جارێك! بەڵکوو ئەگەر هەر چوار چرکە و جارێك مافی دەنگدانم هەبێت ، ئەوا هەرگیز و بۆ تاکە جارێکیش دەنگ بە دەزگایەکی داگیرکەری میلیمەترێك دووجای خاکی نیشتمانەکەم نادەم!
ئەی ئەوانەی کە لە دوای ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنی عێراقەوە ، چوونە سەر گۆڕی شەهیدانتان! ئەو شەهیدانەی کە عێراقی عوروبە ، لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیان خوێنیانی رشت ، تەنیا لەبەر ئەوەی کە کورد بوون!.
ئەی ئەوانەی کە تا ئێستاش نازانن رۆڵەکانتان ، کەسوکارتان ، لە کام گۆڕی بەکۆمەڵی خوارووی عێراقی عوروبەدان!.
ئەی ئەوانەی کە پەنجەکانتان لە ئەبوغرێب ، هەیئەی کەرکوك ، موسڵ و سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان و عێراقدا ، شکێنران و گۆجیانکردن! دوێنێش هەر ئەو پەنجە شکاوانەتان خستە مەرەکەبی (بەڵێ بۆ عێراقی عوروبە)وە!.
ئەی ئەوانەی کە دەنگتان بۆ دروستکردنەوەی عێراقی عروبە و ئیسلام و شیعە دا ، بەراستیی ئازایەتی و بوێرییتان کردووە! چونکە جێی سەرسورمانە کە لە هەزارەی سێیەمی مرۆڤایەتیدا ، مرۆڤی چەوساوە و نیشتمانداگیرکراو ، ئەنفالکراو ، کیمیایی بارانکراو و جینۆسایدکراو ، بەوپەری ئازادییەوە کۆیلەیەتی گەل و نیشتمانەکەی خۆی بۆ دنیا رابگەیێنێت ، ئافەرم .. با ئەم کەرنەڤاڵەشتان بچێتە سەر کەرنەڤاڵەکانی ترتان!.

2005-1-31